سەرۆک وەزیران جەخت لەسەر پەیوەستی کردنەوەی هێڵی گەشت لەگەڵ ئەرمینیا و ئاسانکاری بە قیزەی چوونە ژوورەوە دەکاتەوە

ئەمڕۆ سەشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لە پەیوەستی کردنەوەی هێڵی ئاسمانی لەگەڵ ئەرمینیا و ئاسانکاری بە وەرگرتنی قیزەی چوونە ژوورەوە کردەوە، هاوکات سەرۆکی کۆماری ئەرمینیا، ڤاهاگن خاچاتوریان، ئامادەیی وڵاتەکەی بە هاوکاری لەگەڵ عێراق لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و وزەی پاک و نوێبووەوە دەربڕی.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە:- محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازی لە ڤاهاگن خاچاتوریان، سەرۆکی کۆماری ئەرمینیا و شاندی یاوەری کرد، کە ئەمە یەکەمجار سە شەممە سەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغدا.

سەرۆک وەزیران جەختی لە گرنگی ئەم سەردانە کرد کە دوای زنجیرەیەک دیداری گرنگ لە نێوان بەرپرسانی هەردوو وڵات دێت، وپێزانینی خۆی دەربڕی بە ئاراستەکانی حکومەتی ئەرمەنستان بەرەو پەرەپێدانی پێوەندییە دووقۆڵییەکان.

سودانی ئاماژەی بەدەرفەت و پەنژە گرنگەکانی وەبەرهێناندا کە کەمپانیا ئەرمەنییەکان دەتوانن بەشداری تێدا بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ گەشەپێدان و بەندەری گۆرەی فاو، و ئەو پەنژانەی پێوەستن بەوانەوە، وداوای "دامەزراندنی مەکینەکی هاوبەش بە بازرگانان لە نێوانیان هەردوو وڵاتدا کرد.

سەرەك وەزیران جەختی لەپێویستی کردنەوەی هێڵی ئاسمانی لە نێوان هەردوو وڵات و واژەکردنی یاداشتێک بە دووركەوتنەوە لە دوو باج و ئاسانکاری بە پێدانی ڤیزەی هاتنە ژوورەوە بە هاندانی گەشتیاری هاوبەش کردەوە، هەروەها راگەیاند کەعێراق ئاواتەخوازە بە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەرمینیا لە بواری وزە وزانیاری تەکنەلۆژیا و حوکمانی ئەلیکترۆنی.

سودانی شانازی عێراقی بە هاووڵاتیانی عێراقی بە ڕێچەڵەک ئەرمەنی دەربڕی، چونکە ئێوان نوێنەرایەتی زیادکردنەکی گرنگ دەکەن بە هەمەجەریی کەمەڵگای عێراقی، لە ڕێگەی بەشداریکردنیان لە بوارە جیاوازەکانی زانستی، پزیشکی، کەمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، و سوپاسی هەڵوێستی ئەرمینیا کرد لە دەنگدان لە بەرژەوەندی ئاگربەست لە غەززە.

لای خۆیەوە سەرەک خاچاتوریان سوپاس و پێزانینی خۆی بە ئەو پشوازییە گەرمە دەربڕی و ئاماژەی بەوەدا کەسەردانەکەی دەربڕینی خواستی دەسزانە بە پەرەپێدانی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە.

هەروەها دووپاتی کردەوە کە بە سەرکایەتی شاندەکی فەرمی ئامادەی بووە، بە یاوەری شاندەکی بازرگانان بە مەبەستی گەیان بەدوای دەرفەتە بەردەستەکان و فراوانکردنی هاوبەشی ئابووری نێوان هەردوو وڵات.

سەرەکی ئەرمینیا ڕوونی کردەوە کەکەمەک شت هەیە کە هەردوو وڵات یەکدەخەن، وبیریهێنایەوە کەعێراق لەنێو ئەو وڵاتانەدا بوو کە ئەرمەنییەکان لە ڕۆژانی جینۆسایددا پەنایان بردووە.

سەرەکی ئەرمەنستان ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بە هاوکاریکردن لەگەڵ عێراق لە بوارەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و بانکی و وزەی پاک و نوێبووەوە.